# جەنگی شیعەو سوننە و دڵەڕاوکێکانیخەڵکی کوردستان

**ڕاپۆرت:ئاسۆ**
Asoahmad2004@yahoo.com

لەدوای پرۆسەی ئازادیی خەڵکی عێراق و کوردستان ئومێدیان بەدوارۆژی ولآت پەیداکرد کە ڕژێمێکی درندە ڕوخاو ڕژێمێکی دیموکراسی دێتە جێی، بەڵام زۆری نەبرد ئەم ئومێدە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو کاڵبوونەوە ڕۆیشت، ئێستا خەڵکی عێراق و کوردستان نەك ئومێدیان بەئایندەی عێراق نییە بەڵکو لەو بڕوایەدان کە پرۆسەی سیاسی لەعێراق کۆتایی پێهاتووە و عێراق کەوتۆتە جەنگێکی ناوخۆییەوە، هەرچەندە خەڵکی کوردستان لەبارودۆخێکی ئەمنی باشدا ژیان دەگوزەرێنن بەڵام ڕووبەڕووی دەیان گرفتی ئابوریی و نەبوونی سوتەمەنی و کارەباو بێکاریی بوونەتەوە، بارودۆخی سیاسی عێراقیش پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نەرێنی کردۆتە سەرژیانی دانیشتوانی کوردستان، تا بارودۆخەکەش بەرەو ئاڵۆزیی بڕوات، دانیشتوانی هەرێمیش زیاتر ڕەشبینی دایاندەگرێت، بۆ نمونە ساڵی 2004–2005 خەڵکی بەحەماسەوە سەرقاڵی دروستکردنی بینای بازرگانی و کڕینی زەوی بوون بەڵام ئێستا هەمان ئەو هاوڵاتیانە خەریکی فرۆشتنی موڵك و ماڵەکانیانن.




گەنجان بەشێوەیەکی فراوان ڕوو لەهەندەران دەکەن، هەر ئێستا لەزۆربەی ماڵەکانی کوردستان و لەنێو گازینۆو شوێنی کاردا خەڵك کەوتوونەتە مشتومڕو خوێندنەوەی بارودۆخەکە کە زۆربەیان بەڕەشبینییەوە باسی لێوەدەکەن، ترسی هەرە گەورەی کوردیش ئەوەیە کە بارودۆخی ئەمنی عێراق و ئەو جەنگەی ئێستا لەعێراقدا هەیە بگوێزرێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان.



کاك عومەر حەمەلاو، تەمەن 54 ساڵ لەکاتی هاتنە سەرکاری ڕژێمی بەعسدا لاوێکی پێگەیشتوو بووە پێی وتم: عێراق هیچ کاتێك بێ جەنگ نەبووە، بەڵام ئەم بارودۆخە تازەیە کە لەدوای پرۆسەی

ئازادییەوە دەستی پێکردووە زۆر ترسناکە و ئەگەر لێنەگیرێ ئەوا عێراق بەرەو داڕووخانێکی یەکجاریی دەچێت، تاڕادەیەك ئەو جەنگە لەئێمەوە دوورە بەڵام ئێمەش بەرەو خراپی دەڕۆین و دەسەڵاتدارانیش گوێ لەدواکانمان ناگرن، بەڵکو سودیان لەو بارودۆخەی عێراق وەگرتووە و گەندەڵی تا بینەقاقا هاتووە.

سەرکۆ ستار، خوێندکاری زانکۆی سلێمانی وتی: ئێمە لەبارودۆخی عێراقەوە دوورین واتا ئەو جەنگە لەهەموو ڕووەکانەوە لەئێمەوە دوورە، بەڵام تا ئەو جەنگە پەرە بسێنێت بەرژەوەندییەکانی ئێمەش دەکەوێتە مەترسییەوە، ئێمە بودجەمان لەبەغدادەوە بۆ دابین دەکرێت و زۆربەی پرۆتۆکۆڵەکان دەبێت عێراق ئیمزای بکات، بۆیە پەرەسەندنی جەنگ زەرەرمانی تێدایەو بێزاریی ئێمەش هەم لەبارودۆخی عێراقەو هەم لەبارودۆخی هەرێم کە ئێستا لەناوخۆشدا تووشی دەیان گرفتی گەورە بووین و لەهەموو خزمەتگوزارییەکان بێبەشین، گەندەڵی ژیانی دانیشتوانی هەرێمیهەراسان کردووە.

سارا عوسمان–ی فەرمانبەر وتی: جارێ کێشەمان عێراق نییە، بەڵکو کێشەمان حکومەتەکەی خۆمانە کە بەهەموو شێوەیەك غەدرمان لێدەکات، دوو سەد دۆلار موچەت پێدەدات بەڵام کرێی خانویەك نزیکەی 500 دۆلارە، لەدنیادا نەبووە حکومەت ئەوەنە بێغەم بێت بەرامبەر بەهاوڵاتیان سەیری هەر کوێی ئەم جیهانە بکەیت، تەنانەت ئەفغانستانیش بارودۆخیان لەئێمە باشترە، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئێمە ئەم بارودۆخە بەباش وەسف دەکەن، لوبنان وەك ئێمە لەجەنگدا بوو بەڵام ئەوان وڵاتەکەیان دروستکردەوە، ئێستاش دوای شەڕی ئیسرائیل خەریکی چاککردنەوەی وڵاتەکەیانن، بەڵام ئێمە 16 ساڵە کارەبامان بۆ چاك ناکرێت، تەنانەت جادەیەکیشمان بۆ چاك نەکراوە، بگرە کێشەکە لەوە ئاڵۆزتریش بووە، بارودۆخەکەی عێراق لەبەرژەوەندیماندا نییە، ئەوەتا حکومەتی عێراق بڕە کارەبای دیاریکراو نانێرێت بۆ هەرێم، لەگەڵ ئەوەشدا دنیایەك کێشە بۆ کوردستان دروست دەکات.

دیار سدیق– وتی: ئومێدەخوازم خودا پارەیەکی باشم پێ بدات، بۆئەوەی لەم وڵاتە هەڵبێم، خەڵك لای ئێمە بیر لەژیان ناکاتەوە، سیاسەتی نادروست هەموو ژیانی داگیرکردووین، من بەتەواوەتی بێزارم و دەچمە هەر جێگەیەك باس هەرباسی سیاسەتە لەعێراق ئەوەندە کەس کوژرا، لەکوردستانیش ئەوە فلان مەسئول ئەوەی کڕی، فلان مەسئول کچێکی 16 ساڵی هێنا، فلان مەسئول کارەبای فولی هەیە، ئەمانی منی بێزارکردووە، ئەوەشی هاتۆتە سەر عێراق بەرەو جەنگێکی قورس دەڕوات، ڕەنگە تورکیا بێت، ڕەنگە ئێران بێت، یان ڕەنگە جەنگەکە گەورەتر بێت، هەموو ئەم قسانە بێزارم دەکەن و پارەشم نییە بڕۆم بۆ خاریج، بڕوابکە بەدڵسۆزییەوە پارە کۆدەکەمەوە تا بیخەمە دەستی قاچاخچییەکەوە و بڕۆم بۆ ئەوروپا.

چاودێرانی بارودۆخی هەرێمی کوردستان باس لەوە دەکەن کە دەسەڵاتی سیاسی کوردیی متمانەی لای خەڵکی کوردستان لەدەستداوە، بۆیە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەرێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکایەتی دەکات، لەهەوڵێکی چڕوپڕدایە بۆ گێڕانەوەی ئەو متمانەیە بۆ خەڵکی کوردستان لە جێبەجێ کردنی ماددەی 140ی دەستوور و زیادکردنی بوودجە و چارەسەرکردنی کێشەکانی سوتەمەنی و خزمەتگوزارییەکان لە ئەولەویەتی کارەکانی ئەم حکومەتەیە و لەدوای ئاشکرابوونی ڕاپۆرتەکەی (بیکەر–هاملتۆن)یش ئەوە دەرکەوت کە سیاسەتی تازەی ئەمریکا لەگەڵ دواخستنی ئەمانەدایەو هاوکاتیش ڕێگە بەهەرێمەکان نادات سوود لەدەرهێنانی سەروەتە سروشتییەکان وەربگرن.

ئەمە جگە لەوەی حکومەتی ناوەندیی بودجەی کوردستانی لە 17٪ بۆ 13٪ کەمکردۆتەوە، هەموو ئەمانەش بەربەستی گەورەن لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانی حکومەت، لەلایەکی تریشەوە تا دێت عێراق لەبەرداشی جەنگی شیعەو سوننەدا دەهاڕدرێت؟ بۆیە لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە ئایا خەڵکی کوردستان ئومێدیان بە بەڵێنەکانی سەرکردایەتی سیاسی کورد هەیە؟ ئایا دوای ئەم گۆڕانکارییانە لەسیاسەتی ئەمریکا خەڵك چۆن لەبارودۆخەکە دەڕوانن ؟.

سۆران عەلی–خوێندکاری زانکۆ وتی: لەبنەماوە باوەڕم بەباردۆخەکە نییە، ئەمە یەکەمجاریش نییە بەڵێن بدرێت،ماڵەکان و دڵەکانمان پڕن لە بەڵێنی جێبەجێ نەکراو، لەو باوەڕەشدا نیم بارودۆخەکە بەرەو باشی بڕوات، کورد وەتەنی خودا ڕەحم بکات.

شیراز مەحمود–فەرمانبەر، تاڕاددەیەك ڕەشبینەو دەڵێ: باشترین چارەسەر بۆ ئەوەی کوردستان بەیەکجاری ڕزگاری بێت ئەوەیە کە لەعێراق جیابینەوە، دەکرێت دوا وەرەقەی خۆمان بخەینە ساحەکەوە، دەرئەنجامیش هەرچییەك بێت ئەوە چارەنووسمانە و هەردەبێت ببێت، بەڵام ئەم یارییەی سەرکردایەتی کورد جگە لە بەفیڕۆدانی کات بەولاوە هیچی تر نییە.

عەلی محەمەد – کاسبکار وتی: بارودۆخی عێراقییەکان لەدەستی عێراقییەکاندا نییە، بەڵکو لەدەستی ئەمریکاو بەریتانیادایە و هەر ئەوانیش بڕیاری کۆتایی دەدەن، بەڵام چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان پێویستی بەخۆمانە و خۆمان دەبێت چارەسەری بکەین، بەڵام بەداخەوە لێپرسراوان دەستبەرداری بەرژەوەندییەکانی خۆیان نابن تا بۆ میللەت تێبکۆشن.

ئێمە لەزۆر کێشەدا پێویستمان بەعێراق نییە، بۆنموونە دابەزاندنی نرخی کالاَ لەبازاڕدا پێویستی بەبڕیاری خەلیلزاد و مالیکی نییە، بەڵکو پێویستی بەبڕیاری پارێزگار هەیە، چارەسەرکردنی زۆر گرفتی تر لەدەستی لێپرسراوانی حکومەتی هەرێمدایە، ئەگەر چارەسەری نەکەن ئەو خەڵکی کوردستان بەرەو تەنگەتاوی دەڕواتو ئاخیرییەکەشی هەموو لایەك زەرەر دەکات.

ئەم هاوڵاتییە دواکەس بوو کە لە ڕاپۆرتەکەمدا قسەی کرد و ڕاستییەکی وت کە چارەسەرکردنی بەشێکی گرفتەکان لەدەستی خۆماندایە و چارەسەرنەکردنی ئەم گرفتانەش حکومەتی هەرێم ڕووبەڕووی قەیرانی گەورە دەکاتەوە کە لە قازانجی باڵای کورددا نییە.